# مافی ئەنفالكراوەكان تەنها قەرەبووكردنەوە نییە بەڕێزان

**عومەر سەیدە**
www.seide.tk

هەمیشە دەبێ ئەوانەی دەمڕاستی كێشەكانی كورد دەكەن, هەر لەسەرەتاوە كوردو كێشە نەتەوەییەكەی لەبەردەم رای گشتی جیهاندا خەجاڵەت بكەن, ئاخر تاكەی یاری بە چارەنووسی میللەتی كوردەوە دەكەن؟!!, تاكەی بە لۆژیكو عەقڵ بیر لە چارەسەركردنی كێشەو كارەساتەكانی كورد ناكرێتەوە.

ئەوەتا لەسەروبەندی دادگایی كردنەكەی سەدامو داروودەستەكەی لەسەر تاوانی ئەنفال, هەندێك كەس بەناوی سكالاٌكارو شایەتەوە ئامادە كراون, كە رێك لەوە دەچێ بۆ ئابڕوو بردنی كارەساتی ئەنفالو خوێ كردنە ئەو برینەوە ئامادە كرابن, نەك كەسانێك بن كە بۆ وەرگرتنی مافی ئەنفالكراوەكانی كورد لە بەعسیزمو شۆڤێنیزمەكانی عەرەب وەربگرنەوە, ئەوەتا بەر لە هەر شتێك باسی خەلەو خەرمانەكانیانو مەڕو مالاٌتەكانیان دەكەن, باسی گێرەو شەنكردن دەكەن, كەسییان زمانیان نیە بڵێن: كە ئێمە بە زیندەچاڵ كردنی براو باوكو منداڵو كەسو كارمانو بە فرۆشتنی كچەكانمان كە بە وڵاتە ئابڕووچووەكانی خەلیجی عەرەبی, مافمان وەكو مرۆڤی كورد پێشێلكراوە, وەكو شمەك بازرگانیمان پێوە كراوە, لە زیندانەكانی تۆپزاوەو نوگرە سەلمانو شوعبەی پێنجی بەغداو ئەمنە سوورەكەی سلێمانیو فەیلەقی كەركوكو ناو تەلبەندەكانی نزیك بارەگا سەربازییەكانی سوپا دۆڕاوەكەی سەدام, كام دەستە كچ جوان بوون دەیانبردن, كام كوڕ زۆر بە شەهامەت بوو بە بەرچاوانمانەوە گوللەبارانیان دەكرد.

ئاخر كەی خەمی ئێمەی كوردستانی ئەو خانووە بە قوڕ دروستكراوەیە كە سكالاٌكارەكانی دادگایی ئەنفال باسی سوتانی دەكەن, یان كەی ئەو چەند سەر مەڕە بووە كە حاجی باسی دەكاتو داوای قەرەبووكردنەوە دەكەن, هەی رەنج بەباچوو كوردو كوردستان, كە ئەوانەی خۆیان كردوە بە دەمڕاستی ئەنفالو ئەنفالكراوەكانو خەڵكی دەبەنە دادگاییكردنەكەوە بوونە خەمخۆری كوردو كارەساتە جەرگ بڕاوەكەی, تۆ بڵێی بۆ كێشەی كیمیابارانی هەڵەبجە ئەو شایەدانەی كە دەهێنرێن داوای قەرەبووكردنەوەی پارەی جلو بەرگی بەری بەكیمیایی شەهیدكراوەكان نەكەن؟!!.

سەیرە لە وڵاتی كوردستاندا كەسێك نەبێ بڕواتە دادگاو دوو وشە بڵێت پڕ بە پێستی وشەی ئەنفال بێت؟!!, لەڕوویەكەوە ناهەقی ئەو گوندنشینانە ناگرم كە بە پەلەپروسكێ چەند وشەیەك دەڵێنو خێرا داوای قەرەبوو دەكەن, چونكە لە ماوەی 15 ساڵی پاش راپەریندا, ئەوەی لە دەستی دەسەلاٌتدارێتی كوردستان هاتبێت بۆ ئەنفالچیو جاشو بەعسییەكانو جاسوسەكانی كردوە, بەلاٌم هەرچی بە پاشماوەی ئەنفالكراوەكان پێویست بووبێ نەكراوەو نەبووە, ژنەئەنفالو مناڵەئەنفال لە ئۆردوگا زۆرەملێكاندا خەریكی بەسەربردنی ژیانی كولەمەرگی بوون, لە چەمچەماڵو شۆڕش زۆرمان بینی كە بە قاچاخچێتیو نانكردنو گوڵەچنەو تەنانەت

سواڵکردنیش ئەوکات ژیانێکی مەژیو مەمرە دەژیان.

ئیدی ئەوەی ئە وان پێویستیان بوو بە کورد نەکرا, نەك لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بۆیان بکات .. نا لەبەر ئەوەی مەبەستی نەبوو, یان ئەو کەسانەی کە کرابوون بە بەرپرسی کێشەی ئەنفالکراوەکان, هیچ خەمێکیان لە ژنو منالّو دایكو باوکی شەهیدو ئەنفالکراوەکان نەخواردوە, ئەگەرنا بۆچی هەموو ئەوانەی دێنە سەر شاشە دواجار داوای قەرەبوو دەکەن.

من ئەمە بە کەم دانانو کەمکردنەوەی ئەو کارەساتە دەبینم ئەگەر بە مەبەست یان بە نەزانی بێت, یانیش سیناریۆکە وای پێویستە کە ئەو جۆرە کەسانە ببەنە دادگاوە کە نازانن ساڵی لەدایکبوونی خۆیان کەیە؟, خەڵکی کوردستان وا تورە بوونە نازانن چۆن برۆنە ناو شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوەو بە بکەنە پەلی شایەدەکانداو پێیان بڵێن:"کە نازانن قسە بکەن بۆ هاتوونەتە داداگا, ئەگەر داوای قەرەبوو دەکەیتەوە برۆ بۆ لای دەسەلاّتی کوردی مافی تۆ لای ئەوانە, ئەمە دادگایە دادگا .. بۆ ئەوەیە کە تاوانبار سزای قانونی خۆی وەربگرێت".

بەلاّم وابزانم جگە لە قەرەبووکردنەوە هیچ ئامانجێکی دیکە نیە لە پشت بە قانونییکردنی کێشەی ئەنفال لە میدیاکاندا.